




ئۆلیڤەر ڕوا

وەرگێڕانی:

ئارام مەحمود ئەحمەد

# ئەوان بۆ مردن دێن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## «ڕادیکاڵیزەبوونی ئیسلام» یان «ئیسلامیزەبوونی ڕادیکاڵیزم»

توندڕەویی تیرۆریستە جیهادییەکان لە دوو دەیەی ڕابوردوودا تایبەتمەندیی ناوازە و نوێیان هەبووە. تیرۆریزم و جیهاد، هەردووکیان سالآنێکی دوورودرێژە بوونیان هەیە و چەند جۆرێک لە تیرۆری (بەجیهانیبوو) -کە تێیدا شوێنە ڕەمزییەکان یان هاوڵاتیانی بێتاوان، بە بێ سەرنجدان لە سنوورە نیشتیمانییەکان دەکەنە ئامانج - بە لایەنی کەمەوە بۆ سەردەمی بزووتنەوەی ئانارشیستیی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. ئەوەی لەم نێوانەدا بێوێنەیە، ئەوەیە کە تیرۆریستەکانی ئەمڕۆ ئاگایانە لەنێوان مەرگ و ژیاندا، مەرگ هەڵدەبژێرن.

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا لە (خالید کەلکانی پیلان داڕێژەری تەقینەوەی ناو میترۆی پاریسەوە لە ساڵی 1995، تا هێرشبەرانی سەر هۆڵی شانۆی (بێتاکلان)ی پاریس لە کۆتایی ساڵی 2015دا، بە نزیکەیی سەرجەم تیرۆریستەکان لە فەڕەنسا یان خۆیان تەقاندووەتەوە یان بە دەستی پۆلیس کوژراون)، وەک باس دەکرێت پشت بە وتەیەکی بن لادن دەبەستن کە جیهادییەکان بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە «ئێمە مەرگمان خۆش دەوێت، وەک چۆن ئێوە ژیانتان خۆش دەوێت». ئێستا ئیتر مەرگی تیرۆریستان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو یان دەرەنجامی هێرشەکانیان نییە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لێی. هەمان مەیل دەتوانرێت لەناو جیهادییەکانی داعشدا ببینرێت، بۆ ئەوان کردەی خۆکوژی ئامانجی باڵای چوونیانە بۆ ناو داعش.

ئەم هەڵبژاردنە سیستماتیکەی مەرگ دیاردەیەکی نوێ و بێ وێنەیە. تیرۆریستان لە فەڕەنسا لە دەیەکانی 1970 و 1980 ئەگەر پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبووبێت یان نا! بە وردی بەرنامەیان بۆ هەڵاتنیان دادەڕشت. سوننەتی موسوڵمانان بۆ شەهیدبوون، کە لە مەیدانی شەڕدا کەسێک بکوژرێت، ڕێزێکی زۆری هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک مەرگی ئەو کەسانەی خۆیان دەخەنە کێشەوە بە ڕەسمی ناناسن، چونکە ئەم کارە بە دەستوەردان لە ئیرادەی ئیلاهی هەژمار دەکرێت. کەواتە بۆچی بە درێژایی بیست ساڵی ڕابوردوو تیرۆریستان بەم جۆرە عەوداڵی مەرگی خۆیانن؟ ئەم مەیلە بۆ مەرگ چی ئاماژەیەکی بۆ ڕادیکالیزمی ئیسلامی هاوچەرخ پێیە؟ هەروەها واتا و ناوەڕۆکەکەی بۆ کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی ئێمە چییە؟

پرسیاری کۆتایی جێگەی گرنگی پێدانە؛ چونکە ئەم تێڕوانینە بۆ مەرگ پەیوەندیی پتەوی بەو واقیعییەتەوە هەیە کە جیهادگەرایی هاوچەرخ - بە لایەنی کەمەوە لە ڕۆژئاوا و لە تورکیا و مەغریبی عەرەبی، نەک تەنیا بزووتنەوەی گەنجانێکە کە سەربەخۆ لە مەزهەب و کولتووری باوانیان پەروەردە بوون، بەڵکو لە قوڵایی کولتوورێکی بەرفراوانتردان و لە دەوری چەمکی گەنجێتیدا فۆرمی وەرگرتووە. ئەم لایەنەی جیهادگەرایی مۆدێرن گرنگییەکی بنچینەیی هەیە.

لە هەر شوێنێک ئەم نەفرەتە نەوەکانی گرتبێتەوە، پێی جۆرێک سوننەت شکاندنی کولتووری دێتە ناوەوە، سوننەت شکاندنێک کە بە گورزێک خوازیاری شکستی مرۆڤەکان و ڕوخسارەکان و پەرستگاکان و

کتێبەکانە و بیرکردنەوەی تێدا نییە و لەناودەچێت.

(هەموو شتێکیان سەرلەنوێ نووسیوەوە) ئامانجی هاوبەشی سوپای سووری (ماو)، (خەمیرە سورەکان) و چەکدارانی داعش. یەکێک لە جیهادییە بەریتانییەکان لە بارەی ڕێنمایی وەرگرتنی ئەندام لەلایەن داعشەوە نووسیویەتی «کاتێک لە شەقامەکانی لەندەن و پاریس و واشنتۆن وەک بەڵا بە سەرتاندا دەبارین، نەک تەنیا خوێنتان لەسەر شەقامەکان دەڕێژین، بەڵکو پەیکەر و رووخساریشتان تێکدەشکێنین؛ مێژووتان بە تەواوی پاک دەکەینەوە و لە هەمووشی ئازاردەرتر ئەوەیە کە ئایینی منداڵەکانیشتان دەگۆڕین بۆ ئەوەی پاسەوانی بیری ئێمە بن و نەفرەت لە باپیرانیان بکەن».

زۆربەی شۆڕشەکان هانی دەمارگیری گەنجان دەدەن، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لە شۆڕشەکان هەوڵی لەناوبردنی ڕابوردوو دەدەن. بۆ نموونە بەلشەفیکە شۆڕشگێڕەکان پێیان باش بوو لە جیاتی گۆڕینی ڕابوردوو بۆ وێرانە، ڕابوردوو بخەنە مۆزەخانەیەکەوە و شۆڕشگێڕانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هیچ کاتێک بە بیریاندا نەهات کە تەختی جەمشید بتەقێننەوە.

ئەم لایەنی خۆوێرانکردنە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نییە و لە ڕووی ستراتیژییەوە وێرانکەرە. لەگەڵ ئەوەی داعش ڕایگەیاندووە کە ئامانجی زیندووکردنەوەی خەلافەتە، بەڵام پووچگەرایی ئەو ڕێگرە لەوەی بە تەواوی بتوانێت بە ڕێگەچارەیەکی سیاسی بگات، بچێتە گفتوگۆوە یان لەناو ئەو سنوورەی بە ڕەسمی ناسراوە، کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر دابمەزرێنێت.

زیندووکردنەوەی خەلافەت خەیاڵێکی خاوە، ئەفسانەیەکە گرێدراوە بە ناسنامەیەکی ئایدۆلۆژی کە بەردەوام قەڵەمڕەوی خۆی بەرفراوان دەکات. زیندووکردنەوەی خەلافەت لە ڕووی ستراتیژییەوە مەحاڵە، لەبەرئەوە ئەوانەی خۆیان بە بەشێک لە خەلافەت دەزانن لە جیاتی ئەوەی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی موسوڵمانانی ناوچەکە تەرخان بکەن، بەم شێوەیە پێشوازی لە مەرگ دەکەن. هیچ تێڕوانینێکی سیاسی، هیچ ئاییندەیەکی ڕوون، هیچ شوێنێکی ئارام بۆ خواپەرستی بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەوەی چەمکی خەلافەت بەشێک لە بیری مەزهەبی موسوڵمانانە، خواستنی مەرگ بەو شێوەیە نییە.

هەروەها تیرۆریزمی خۆکوژ لە ڕووی سەربازیشەوە کارا و کاریگەر نییە. لە تیرۆریزمی (سادە)دا چەند کەسێک دەتوانن زیانی بەرچاو بەو دوژمنانە بگەیەنن کە زۆر لەوان بەهێزترن، لەبەرئەوە دەتوانرێت ڕەگوڕیشەیەکی عەقڵانی لەم جۆرەی تیرۆریزمدا ببینرێت، بەڵام تیرۆریزمی خۆکوژ بە دڵنیاییەوە عەقڵانی نییە؛ ئایدیای چەکدارانی شارەزا کە یەکجار بەکاردەهێنرێن، بە هیچ شێوەیەک عەقڵانی نییە. هێرشە تیرۆریستییەکان کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بە چۆکدا ناهێنن، تەنیا کاردانەوەی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە. ئەم جۆرە لە هێرشە تیرۆریستییەکان زیاتر موسوڵمانان دەکاتە ئامانج، نەک ڕۆژئاواییەکان.

پەیوەندیی سیستماتیک لەگەڵ مەرگ تەنیا یەکێک لە ڕێگاکان بۆ تێگەیشتن لە ڕادیکالیزمی ئەمڕۆ نیشان دەدات، ئەویش ئەمەیە: بەرەی ڕادیکالیزمی هاوچەرخ

پووچگەرایە. ئەوەی ڕادیکالیزمی هاوچەرخ دەکات بە فریودەر، ئایدیای شۆڕشی تەواوە؛ توندوتیژی ئامراز نییە، بەڵکو خودی ئامانجە.

بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە، لەوانەیە وێنەیەکی تری تیرۆریزم -وێنە عەقڵانیترەکانی- سەرلەنوێ دەرکەون و بە دڵنیاییەوە ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەم جۆرەی تیرۆریزم دیاردەیەکی زوو تێپەڕە.

بۆ هۆکارەکانی دەرکەوتنی داعش بێگومان پێویستە لە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێین، لەناوچوونی داعش پێکهاتە بنچینییەکانی ئەم دۆخە ناگۆڕێت. داعش داهێنەری تیرۆریزم نییە؛ مشتێکە لە خەروارێک کە پێشتر بوونی هەبووە. بلیمەتیی داعش لەوەدایە کە توانیویەتی بۆ گەنجانی خوازیاری [مەرگ] چوارچێوەیەک بڕەخسێنێت، کە ئەوان دەتوانن تێیدا بە خواست و ئارەزووەکانیان بگەن. لەبەرئەوە بۆ داعش گرنگ نییە ئەو کەسانەی خۆویستانە بەرەوە مەرگ دەڕۆن، ئەندامی داعش نەبن، گرنگ ئەوەیە ئامادە بن بەیعەتی خۆیان ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی کردە خۆکوژییەکەیان بۆ بەشێک لە گێڕانەوەی جیهانی داعش بگۆڕێت.

لەبەرئەوە ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی داعش پێویستمان بە تێڕوانینێکی نوێیە، تێڕوانینێک کە بتوانێت توندڕەویی ئیسلامیی هاوچەرخ و وێنەکانی تری توندوتیژی و ڕادیکالیزمی هاوشێوەیە ڕوون بکاتەوە، ئەو وێنانەی دەربڕی شۆڕشی نەوەیەک و خۆوێرانکردن و پچڕانی ڕادیکاڵانە لە کۆمەڵگە، جۆرێک جوانناسی توندڕەوی و سروتی ڕۆژی دواییە.

بە گشتی ئەم بابەتە لەبەرچاونەگیراوە کە تیرۆریستان و ڕێکخراوە خۆکوژەکانی وەک قاعیدە و داعش دیاردەی بێ وێنەن لە مێژووی جیهانی ئیسلامدا و ناتوانرێت ئەوان بە سادەیی و بە پەنابردنە بەر خوازەی بونیادگەرایی ڕوون بکرێنەوە. پێویستە سەرنج لەو بابەتە بدەین کە ئەم تیرۆریزمە لە «ڕادیکاڵیزەبوونی ئیسلامەوە» سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە «ئیسلامیزەبوونی ڕادیکالیزمەوە» سەرچاوە دەگرێت.

بابەتی ئیسلامیزەبوونی ڕادیکالیزم بە هیچ شێوەیەک پاکانە بۆ ئیسلام نییە، بەڵکو ئەم گریمانەیە وەڵامی ئەو پرسیارەیە، کە بۆچی شۆڕشگێڕە گەنجەکان، ئیسلام بە نموونەی یاخیبوونی تەواوەتیی خۆیان هەژمار دەکەن. ئیسلامیزەبوونی ڕادیکالیزم ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە لە 40 ساڵی ڕابوردوودا فەندەمێنتاڵیزم بەرفراوان بووە.

ئەم تێڕوانینە گفتوگۆی زۆری وروژاندووە. یەکێک لە ڕەخنەگرەکان بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە من هۆکاری سیاسیی ئەم جۆرە شۆڕشانەم پشتگوێ خستووە، هۆکارەکانی وەک میراتی شومی داگیرکاری، دەستوەردانی سەربازیی ڕۆژئاوا دژی هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرکردنی کۆمەڵایەتیی کۆچبەران و منداڵەکانیان. لەلایەکی ترەوە تۆمەتبار کراوم بەوەی لە بابەتەکانمدا بابەتی پەیوەندیی نێوان توندڕەویی تیرۆریستی و ڕادیکالیزمی ئیسلامی سەرچاوە گرتوو لە سەلەفییەتم جێ نەکردوەتەوە. من بە باشی ئاگاداری ئەو لایەنانەم. تەنیا قسەی

من ئەوەیە کە ئەو جۆرە لایەنانە بۆ تێگەیشتن و شیکاری دیاردەیەک کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبینەوە بەس نییە، چونکە لەنێوان پێدراوە ئەزمونکراوەکانی ئێمەدا هیچ پەیوەندییەکی باڵا بوونی نییە.

تێگەیشتنی من ئەوەیە کە ڕادیکالیزمی توندوتیژخواز دەرئەنجامی ڕادیکالیزمی ئایینی نییە، لەگەڵ ئەوەی ڕادیکالیزمی ئایینی بە گشتی ڕێڕەوێکی هاوشێوەی ڕادیکالیزمی توندوتیژیخوازی هەیە و هەردووکیان پەنا بۆ نموونەی یەکسان و هاوشێوە دەبەن.

هیچ کەسێک بوونی فەندەمێنتاڵیزمی ئایینی و گرفتە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکانی ئەو فەندەمێنتالیزمە ڕەتناکاتەوە. هەرچۆنێک بێت فەندەمێنتالیزمی ئایینی ئەو بەهایانە ڕەتناکاتەوە کە پشتیان بەستووە بە هەڵبژاردنی تاک و ئازادیی تاک، بەڵام فەندەمێنتالیزمی ئایینی توندوتیژیی سیاسیی لێناکەوێتەوە.

ڕەخنە لەوە دەگرن کە ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە پاڵنەری جۆراوجۆرەوە سەرچاوە دەگرێت: لەو نەهامەتییانەوە کە کۆمەڵگە پۆست کۆلۆنیالییەکان پێیدا تێدەپەڕن، پاکتاوی نەژادپەرستی و جۆرەکانی تری پاکتاو، بۆردومان و هێرشی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانە ئەمریکییەکان. ئەم بابەتە ئەو ئەنجامە لەخۆدەگرێت کە تەنیا قوربانییەکان شۆڕش دەکەن، بەڵام پەیوەندیی نێوان شۆڕشگێڕەکان و قوربانییەکان زیاتر پەیوەندییەکی خەیاڵییە نەک واقیعی.

ئەوانەی لە ئەورووپا هێرشەکان ئەنجام دەدەن دانیشتووی کەرتی غەزە و لیبیا یان ئەفغانستان نین، ئەوان هەژارترین و نەزانترین و پەراوێزخراوترین چینەکان نین. ئەو ڕاستییەی کە 25%ی جیهادییەکان ئایینی خۆیان بۆ ئیسلام گۆڕیوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیی لەنێوان ڕادیکاڵەکان و (هاونیشتیمانییەکانیان) تا ڕێژەیەکی زۆر خەیاڵییە.

ئەم شۆڕشگێڕانە لە چینی ڕەنجدەرەوە سەریان دەرنەهێناوە. ئەو گریمانەیەی کە شۆڕشگێڕەکان هەمان پرۆلیتاریا و جەماوەر و هاوڵاتیانی ژێر دەستی داگیرکەر بوون، بە هیچ شێوەیەک پشت بە ئۆبجێکتیڤی شۆڕشگێڕەکان نابەستێت. ژمارەیەکی کەم لە تیرۆریستەکان یان جیهادییەکان چیرۆکی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە، ئەوان زیاتر لەو بارەیەوە دەدوێن کە بینینی ئازاری کەسانی تر چۆن ئەوانی هانداوە.

**تاکە کاریگەریی ستراتیژی ئەم جۆرە هێرشانە کاریگەریی دەروونییە. ئەم جۆرە هێرشانە گورز لە توانای سەربازیی وڵاتانی ڕۆژئاوا نادەن، بەڵکو بە هۆی ڕێگری لە کەمکردنەوەی بودجەی سەربازییەوە، ئەوان بەهێزتر دەکات**

تـا ناوەڕاسـتی دیـەی 1990 زۆرینـەی جیهادییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتەوە هاتبـوون. لـە ڕاسـتیدا بـەر لـە ڕووخانـی ڕژێمـی کۆمۆنیسـتی لـە سـاڵی 1992 لـە ئەفغانسـتان شـەڕیان کردبـوو. دواتـر ئـەوان بـۆ وڵاتانـی خۆیـان گەڕانـەوە بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە جیهـادی خۆیـان بـدەن یـان بانگەشـە بـۆ ئامانجەکانیـان بکـەن و ئـەم گروپـە دەسـتپێکەرانە شـەپۆلی یەکەمـی هەڵمەتـە (جیهانی)یـەکان بـوون (یەکـەم هێـرش بـۆ سـەر ناوەنـدی بازرگانیـی جیهانـی سـاڵی 1993، دانانـی تەقینـەوە لـە باڵیۆزخانـەی ئەمەریـکا لـە ئەفەریقـای ڕۆژهـەڵات سـاڵی 19998، هێـرش بـۆ سـەر کەشـتیی «یـو ئێـس ئیـش کـوڵ»ی ئەمریکیـی لـە سـاڵی 2000).

یەکـەم نـەوەی جیهادییـەکان کەسـانی وەک ئوسـامە بـن لادن، ڕەمـزی یوسـف و خالیـد شـێخ محەمـەد پەروەردەیـان کـردن. بـەڵام لـە سالی 1995وە نەوەیەکی نـوێ لـە جیهادییـەکان دروسـتبوون، کـە لـە ڕۆژئـاوا بـە (تیرۆریسـتە ڕەسـەنەکان homegrown terrorist) ناوبانگیـان دەرکـردووە.

ئـەم ڕادیکاڵـە نوێیانـە کـێ بـوون؟ ئێمـە بـە هـۆی پۆلیسـەوە ناسـنامەی زۆرێـک لـە ئـەوان، کـە هـۆکاری هێرشـە تیرۆریسـتییە جیاجیـاکان بـوون لـە ئەوروپـا و ئەمەریـکا بـوون دەزانیـن. زۆرێـک لەوانـە لـە کاتـی داڕشـتنی پیلانـی هێرشـی دواتـردا گیـراون. سـەرجەم زانیاریـی ژیانـی کەسـیيان کـە ڕۆژنامەنووسـان کۆیـان کردوونـەوە ئێسـتا لەبەردەسـتی ئێمەدایـە. بۆ تێگەیشـتن لـە شـێوازی ژیانـی ئـەم تیرۆریسـتانە پێویسـت بـە لێکۆڵینـەوەی قـوڵ نـاکات، چونکە سـەرجەم پێـدراوەکان و ژیاننامەکەیـان ئێسـتا لەبەردەسـتدایە.

ئەگـەر بمانەوێـت لـە پاڵنەرەکانیـان تێبگەیـن پێویسـتە سـەرنج لـە وتەکانـی خۆیـان بدەیـن، گفتوگـۆی گـوگڵ، گفتوگۆکانـی سـکایپ، پەیامەکانـی فەیسـبووک و واتـس ئـەپ. ئـەوان لەگـەڵ خێـزان و هاوڕێیانیان بـە تەلەفـۆن قسـە دەکـەن و بـەر لـەوەی بمـرن بەیاننامـە یـان گرتەیەکـی ڤیدیۆیـی بڵاودەکەنـەوە. بـە کورتـی ئەگـەر نەتوانیـن دڵنیـا بیـن لـەوەی لـە مەبەسـتی ئـەوان تێدەگەیـن، بەلایەنـی کەمـەوە تـا ڕێژەیـەک ئـەوان دەناسـین.

زانیارییەکانـی ئێمـە لەبـارەی ژیانـی ئـەو تیرۆریسـتانەی لـە ئەوروپـا کـردەی تیرۆریسـتییان ئەنجامـداوە، لـە زانیاریـی ئێمـە لـە بـارەی ئـەو جیهادیانـە زیاتـرە کـە ڕۆیشـتوون بـۆ وڵاتانـی دەرەوە و هەرگیـز نەگەڕاونەتەوە. بـەڵام لێکچوونـی زۆر لەنێـوان ئـەو دوو گروپـەدا هەیـە. لێـرەدا مـن تیشـکم خسـتووەتە سـەر جیهادییـە فەڕەنسـی - بەلجیکییـەکان، کـە زۆرینـەی جیهادییـەکان لـە کۆمەڵگـەی ڕۆژئـاوادا پێکدێنـن. هەڵبەتـە ئەڵمانیـا، بەریتانیـا، دانیمـارک و هۆڵەنـداش جیهادیـی زۆریـان هەیـە کـە چوونـە بەرەکانـی پێشـەوەی شـەڕ.

بـە سـوودوەرگرتن لـەم زانیارییانـە مـن کۆمەڵێـک لـە پێدراوەکانـم کۆکردووەتـەوە لـە بـارەی 100 کـەس لـەو جیهادییانـەی لـە هێرشـە تیرۆریستییەکاندا لـە فەڕەنسا بەشـداربوون، یـان لـە مـاوەی 20 سـاڵی ڕابـوردوودا فەڕەنسـا یـان بەلجیکایـان بـۆ چوونـە نـاو ئـەو بزووتنەوە جیهانییـەوە جێهێشـتووە. ئـەم پێدراوانـە پێکدێـن لـە زانیاریـی تـەواوی ئـەو کەسـانەی لـە فەڕەنسـا یـان

بەلجیکا کردەوەی تیرۆریستی گەورەیان ئەنجامداوە. هیچ پێوەرێکی ژیاننامەیی بۆ ئەم گروپە لە تیرۆریستان بوونی نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لە ژیانی ئەواندا هەندێک ناوەڕۆکی دووبارە دەبینرێن. یەکەم ئەنجام کە دەتوانرێت لە لێکدانەوەی ئەم ژیاننامانەوە بەدەستبێت ئەوەیە کە ژیانی ئەو کەسانە لە ماوەی 20 ساڵی ڕابوردوودا لێکچوونی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەبووە. تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان (خالید کلکال) یەکەم تیرۆریستی ڕەسەنی فەرەنسی، هەروەها برایانی (کواشی) هێرشبەران بۆ سەر چارلی هیبدۆ لەبەرچاو بگرن: نەوەی دووەم بوون، پەسەندکردنی کۆمەڵگە لە سەرەتادا، سەردەمی تاوانە بچوکەکان، سەردەمی ڕادیکاڵیزم لە بەندیخانە، هێرشی تیرۆریستی و لە کۆتاییشدا مەرگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ پۆلیس.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەم گروپە لە توندڕەوەکان ئەوەیە کە بە نزیکەیی هەموویان جۆرێک گۆڕان و سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی ئایینیان ئەزمون کردووە. ئەوان ئەو موسوڵمانانەن کە دوای تێپەڕاندنی جۆرێک ژیانی تەواو دنیایی (ژیان لە یانە شەوانەکان، خواردنەوەی کحولی، ئەنجامدانی تاوانی بچووک) لە ناکاو باوەڕیان بە درووشمە ئایینییەکان نوێ کردووەتەوە، بە تاک یان لەناو گروپە بچووکەکاندا.

برایانی عەبدولسەلام لە برۆکسل یانەیەکیان بەڕێوەبردووە و لە مانگەکانی بەر لە تەقەکردن لە (بتالکان) بەردەوام هاتوچۆی یانە شەوانەکانیان کردووە. زۆرینەیان چەند مانگێک بەر لە گەڕانەوەیان یان گۆڕانی باوەڕی ئایینیان کاری تیرۆریستیان ئەنجامدابوو، بەڵام بەر لەو کاتە لە ژیانیاندا نیشانەکانی توندڕەویان لەخۆیان نمایش کردبوو. بە نزیکەیی لە سەرجەم نموونەکاندا پرۆسەی دروستبوونی گروپە ڕادیکاڵەکان وەک یەک بووە. پرۆسەی بوونە ئەندام لەم گروپانە بەردەوام یەکسانە: براکان، هاوڕێیانی سەردەمی منداڵی، هاوڕێیانی بەندیخانە، یان هاوڕێ لە کەمپە وەرزشییەکاندا. ڕێژەی ئەندامبوونی برا و خوشکەکان لەم گروپانەدا بەرچاوە. ئەم ڕێژەیە لە ئەندامێتی برا و خوشکەکان لە هیچ یەکێک لە گروپە ڕادیکاڵەکاندا بەرچاو ناکەوێت، چ گروپە ڕادیکاڵە چەپەکان، چ گروپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکانی تر. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە (نەوە) تا چ ڕێژەیەک لەم گروپانەدا جێگەی گرنگی پێدانە.

(داوید ڤالا) یەکێک لە جیهادییەکانی پێشوو نووسیویەتی کە وتاری واعیزە ڕادیکاڵەکان دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە «ئیسلامی باپیرانی ئێوە یادگاری داگیرکارانە، ئیسلامی خوار و ڕاستکردنەوە و پابەندبوون، بەڵام ئیسلامی ئێمە ئیسلامی بەرەنگارییە، ئیسلامی خوێن و بەرگری».

ڕادیکاڵەکان زیاتر هەتیون، وەک برایانی (کواشی) یان لە خێزانە لەبەریەکهەڵوەشاوەکاندا پەروەردە بوون. ئەوان دژی باوانیان ڕاناپەڕن، ئەوان دژی شتێک ڕادەپەڕن کە باوانیان نوێنەرایەتیی دەکەن: بەکەم دانان، سازش لەگەڵ کۆمەڵگە و دژی ئەو شتەی بە بۆچوونی ئەوان لە نەزانیی ئایینیی باوانیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

زۆرینەی ئەم ڕادیکاڵە نوێیانە بە قووڵی نوقمی ناو کولتووری گەنجێتیی هاوچەرخن: ئەوان دەچنە یانە شەوانەکان، پەیوەندیی سێکسی ئازاد دەکەن، جگەرە دەکێشن، خواردنەوەی کحولی دەخۆنەوە. بەپێی پێدراوەکانی من نزیکەی 50%ی جیهادییەکان لە فەرەنسا پێشینەی تاوانی لاوەکییان هەیە، زیاتر فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، هەندێک جاریش توندوتیژی و کەمێکیش دزی بە چەک. ئەم ئامارە لە بارەی جیهادییەکانی ئەڵمانیا و ئەمەریکاشەوە ڕاستە، لای ئەوان شۆفێری لە کاتی سەرخۆشیدا. پۆشینی پۆشاکیشیان هاوشێوەی گەنجانی ئەمڕۆیە: پۆشینی پۆشاکی براند، کڵاوی جۆراوجۆر، بە کورتی مۆدێلی سەرشەقام کە ناتوانرێت ئەوانە بە مۆدێکی ئیسلامی دابنرێن.

مەیلی میوزیکیان شوێنکەوتووی مۆدێلی ئەم سەردەمەیە: حەزیان لە میوزیکی پۆپە و بەردەوام دەچن بۆ یانە شەوانەکان، یەکێک لە ناسراوترین ئەو کەسانەی بۆ جیهاد ڕۆیشتووە بۆ سوریا، گۆرانیبێژی ڕاپی ئەڵمانی (دەنیس کاسپێرت)ـە بە ناوی (هێزی دسوداگ) کە دواتر ناوی خۆی بۆ (ئەبو تەلحەی ئەڵمانی) گۆڕی. ئەو گەنجانە ئاشقی یارییە کۆمپیوتەرییەکان و فیلمە توندوتیژییە ئەمەریکییەکانیشن.

مەیلی توندوتیژیی ئەم گروپە لە گەنجان دەتوانێت ڕێگەی بێجگە لە جیهاد و تیرۆریزم بۆ دەرکەوتنی بدۆزێتەوە. ئەم مەیلانە دەتوانرێ لە ڕێگەی دامەزراوە وەرزشییەکانەوە بەرەو لایەنی تر ڕێنمایی بکرێن؛ (محەمەد مەراح) دەیویست بچێتە ناو سوپاوە، یان گروپێک لە گەنجانی پورتوگال بە ڕەچەڵەک (ئەنگۆلی) کە لە یانەیەکی بۆکسینگی تایلەندی کە لەلایەن ڕێکخراوێکی ئێن جی ئۆی بەریتانییەوە دامەزرابوو لە دەوری یەکتر کۆببوونەوە، لەندەنیان جێهێشت بۆ ئەوەی بچنە ناو داعشەوە. لە ژیانی کۆمەڵایەتیی جیهادییەکاندا یانەکانی فێربوونی شەڕ لە مزگەوتەکان گرنگترن. زمانی ئەم توندڕەوانە بەردەوام زمانی هەمان ئەو وڵاتەیە کە تێیدا دەژین، لە فەرەنسا ئەوان کاتێک دوچاری گۆڕینی ئایین دەبنەوە زیاتر زمانی کەنارنشینەکانی (بونیو) هەڵدەبژێرن، زمانێک کە لەناو سەلەفییەکاندا زۆر بڵاوە.

ئەوان لە بەندیخانەدا ڕادیکاڵە ئۆرجیناڵەکان دەناسن و بەم شێوەیە دەکەونە بەر گێڕانەوەیەک لە ئایین، کە زۆر لە ئایین دوورە. بەندیخانە ئەو کەسانەی کە ڕادیکالیزمی هاوچەرخ هێزیان لێوەردەگرێت بەهێزی کردووە و ئاگری ئەوانی خۆشتر کردووە، بابەتی ڕەگەزی، وەساتنەوە دژی سیستم، بڵاوکردنەوەی شێوەیەکی سادەکراو لە سەلەفیگەری، پێکهێنانی گروپی یەکگرتوو، دوبارە شیکردنەوەی تاوانە جیاجیاکان وەک ئامرازێک بۆ ڕەوایی دان بە نەیاریی سیاسییان.

تایبەتمەندییەکی تری جیهادییەکان دوورکەوتنەوەیە لە دەوروبەریان. ئەوان لە شوێنێکی ئایینیدا پەروەردە نەبوون، پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ مزگەوتەکان دژیەک و نادیارە: یان کەم کەم و بە شێوەیەکی ناڕێکخراو دەچن بۆ مزگەوت یان بە هۆی بێڕێزی بەرامبەر ئیمامی مزگەوتەکانەوە لە مزگەوتەکان

دەرکراون. هیچ یەکێک لەوانە ئەندامی ئیخوان موسلیمین نەبوون؛ هیچیان بۆ کۆمەڵە خێرخوازییە ئیسلامییەکان کاری نەکردووە؛ هیچیان لە بانگەشە بۆ ئیسلامدا بەشدار نەبوون؛ هیچیان ئەندامی بزووتنەوەی یەکگرتووی فەلەستینی نەبوون و هێندەی بزانم هیچیان لە شۆڕشەکانی ساڵی 2005ی فەرەنسا ڕۆڵێکیان نەبووە. بەو شێوەیە نییە کە ئەوان سەرەتا لایەنگیری خوێندنەوەی ڕادیکاڵانە بووبن بۆ ئیسلام و دواتر چووبنە ناو تیرۆریستەکانەوە.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی هەبووبێت، ئاشناییەکەیان لە ڕێگەی مزگەوتی سەلەفییەکانەوە نەبووە، بەڵکو یان بە شێوەی تاک یان لە ڕێگەی گروپە تیرۆریستییەکانەوە بووە. تەنیا ئاوارتە لە بەریتانیایە، کە تۆڕێک لە مزگەوتە توندڕەو و دوژمنکارەکان تێیدا چالاکن، ئەو مزگەوتانەی بە بنکەی سەرەکیی گروپە کۆچبەرەکان (المهاجرون) هەژمار دەکرێن، گروپێک کە زەمینەی بۆ دەرکەوتنی گروپی توندڕەوتری (شەریعەت بۆ بەریتانیا) بە سەرۆکایەتی (تشودری) ڕەخساند.

کەواتە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کە کەی و بۆچی ئەم جیهادییانە چوونە ئامێزی ئایینەوە. مەیلی مەزهەبی زۆر درەنگ و تا ڕێژەیەک لەناکاو لە ناخی پێکهاتەی کۆمەڵگەوە دەردەکەوێت، بە دڵنیاییەوە بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە تیرۆریستەکان دەردەکەون.

بە کورتی جیهادییەکی گەنج لە شێوە نموونەییەکەیدا ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە: گەنجێک لە نەوەی دووەمی کۆچبەران یان کەسێکی نوێ؛ زیاتر توشی تاوانی لاوەکی بووە، بێ هیچ پەروەردەیەکی مەزهەبی، کە بە تازەیی ئایینی گۆڕیوە، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی یان لەسەر ئینەرتنێت بەسەر دەبات، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ مزگەوت نییە. گۆڕینی ئایین کەم دێتە پێشەوە بشاردرێتەوە و لە ڕووکاری کەسەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کەسەکە خۆی لە دروشم و نەریتە ئایینییەکاندا نوقوم بکات.

دوژمن کافرە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لەگەڵی ڕێکبکەون؛ ئەندامانی خێزانەکەش لە ناوجەرگەی کافراندان، چونکە یان بەرامبەر ڕاستی ئیسلام کوێرن یان ئایینیان ناگۆڕن.

لە هەمان کاتدا ناکرێت بگوترێت کە بڕیاری گەنجە ڕادیکاڵەکان بۆ پێناسەکردنی ناسنامەیان لەسەر بنەمای جیهاد و ڕاگەیاندنی بەیعەت بە گروپە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان بە هیچ شێوەیەک هەڵبژاردنێکی هەڵپەرستانە نییە: تاکە جیاوازی جیهاد لەگەڵ توندوتیژییەکانی تر کە گەنجان دوچاری دەبن، گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام. ئاماژەکردن بەو کولتوورە بەرفراوان و گشتگیرەی توندڕەوی، بە واتای پاکانەکردن بۆ ئیسلام نییە. ئەو ڕاستییەی کە ئەم گەنجانە ئیسلامیان وەک چوارچێوەیەکی فکری و چالاکییەکانیان هەڵبژاردووە، ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت و ئەم بە ئیسلامی بوونی ڕادیکالیزمە پێویستە ئامانجی ڕوونکردنەوەی ئێمە بێت.

بێجگە لەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی ئاماژەمان پێدان ناتوانرێت هیچ تایبەتمەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێوان ئەم گەنجە ڕادیکاڵانەدا بدۆزرێتەوە.

لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەیەکی بەناوبانگ و زۆر سادە تیرۆریزم لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی ئەم گەنجانە لە کۆمەڵگەی دایکدایە و لەبەرئەوە بە نیشانەیەکی پێشبینیکراوی شەڕی ناوخۆ هەژمار دەکرێت.

ئەم ڕوونکردنەوەیە جەماوەری زۆری موسوڵمانان ناگرێتەوە، کە بوونە بەشێک لە کۆمەڵگەی دایک و پلەی باڵای کۆمەڵایەتییان بەدەستهێناوە. بۆ نموونە ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە لە فەڕەنسا ژمارەی ئەو موسوڵمانانەی لە ناو پۆلیس و هێزە ئاسایشییەکان ناوی خۆیان تۆمار دەکەن لەو موسوڵمانانە زیاترە کە دەچنە ناو جیهادییەکانەوە.

بێجگە لەوە ڕادیکاڵەکان لە کۆمەڵگە توندڕەوەکانەوە سەردەرناهێنن. یانەکەی برایانی عەبدولسەلام لە برۆکسل لە ناوچەیەکی سەلەفییەکان بوو، خواردنەوەی کحولی و نەپۆشینی باڵاپۆش یاساغ بوو، بەڵام ئەم نموونەیە نیشانی دەدات کە واقیعییەتی ئەم ناوچانە ئاڵۆزترە لەوەی کە بە ئێمەیان گوتووە. زیاتر جیهادگەرایی بە درێژکراوەی لۆژیکی سەلەفیگەرایی هەژمار دەکەن. سەرجەم سەلەفییەکان جیهادی نین، بەڵام سەرجەم جیهادییەکان سەلەفین، لەبەرئەوە پرۆگرامی سەلەفی شاڕێی جیهادگەراییە. بە واتایەکی تر ڕادیکالیزمی مەزهەبی بە سەرەتای قۆناغی ڕادیکالیزمی سیاسی هەژمار دەکەن، بەڵام وەک بینیم بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە.

بە دڵنیاییەوە ئەم ڕادیکاڵە گەنجانە باوەڕیان بە بیروڕاکانیان هەیە: ئەوان بە ڕاستی باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەگەر بمرن دەچنە بەهەشت و کارەکان تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ئیسلامدا بە ڕەسمی دەناسن. ئەوان دەچنە ناو ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیانەوە کە دەیانەوێت سیستمی ئیسلامی جێگیر بکەن یان وەک داعش خەلافەتی ئیسلامی زیندوو بکەنەوە. بەڵام لێرەدا لەبارەی کام خوێندنەوەیە لە ئیسلام دەدوێین؟ وەک بینیمان بەو جۆرە نییە کە جیهادییەکان سەرەتا بە تێگەیشتنی قووڵ لە بارەی دەقە پیرۆزەکان بگەن، دواتر بچنە ئامێزی توندڕەوییەوە. ئەوان هیچ کولتوورێکی ئایینی تایبەتیان نییە و بە هیچ شێوەیەک کولتووری ئایینی بۆ ئەوان گرنگ نییە. ڕادیکاڵ بوونی ئەوان بە هۆی خراپ تێگەیشتن لە دەقە پیرۆزەکان یان شۆردنەوەی مێشکیانەوە نییە؛ بژاردەی خۆیانە، چونکە تەنیا ڕادیکالیزمە بۆ ئەوان سەرنجڕاکێشە. بەپێی ئەو پێدراوانەی کە لەلایەن سەرچاوە جیاجیاکانەوە کۆکراونەتەوە سەرجەمیان ئەو بابەتە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ڕێژەی زانایانی ئایینی جیهادییەکان زۆر کەمە. بەپێی بەڵگەنامە ئاشکرابووەکانی داعش لەبارەی چوار هەزار چەکداری دەرەکیی ئەم گروپە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ئەو چەکدارانە پلەی خوێندنی باڵایان هەیە، بەڵام 70% ئاماژەیان بەوە کردووە، کە زانیاریی کەمیان لە بارەی ئیسلامەوە هەیە.

گرنگە لەنێوان خوێندنەوەی داعش بۆ ئیسلام و گێڕانەوەی ئەو جیهادییانەی کە بەیعەتیان بە داعش داوە جیاوازی دابنێین، گێڕانەوەی جیهادییەکان بە پلەی یەکەم لە چوارچێوەی جۆرێک پاڵەوانی و توندوتیژیی مۆدێرنی ئەمڕۆدایە.

کۆمەڵێک شیکار لە دەقە پیرۆزەکان لە لاپەڕەی

(دابق، دارالاسلام) کە بە ئینگلیزی و فەرەنسی بلاودەکرێنەوە، هۆکاری رادیکالیزم نین. ئەوانە تەنیا دەربڕی پاساوی خوایین بۆ توندوتیژیی رادیکاڵەکان؛ ئەم شیکارانە پشت بە زانیاریی راستەقینە نابەستن، کاتێک جیهادییە گەنجەکان دەدوێن بە هیچ شێوەیەک مەبەستیان زانیاریی هەڵێنجان نییە، ئەوان لە بارەی دڵنیایی خۆیانەوە دەدوێن کە هەندێک جار دەیگێڕنەوە بۆ بەرهەمی ئەو شێخانەی شیکاریان کردووە، کە خۆشیان نەیانخوێندووەتەوە.

بۆ نمونە (سدریک) کە فەرەنسییە لە دادگا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە «من جیهادییەکی کیبۆردی نیم. من لە رێگەی یوتوبەوە ئایینەکەم نەگۆڕیوە. من بەرهەمی زانا واقیعییەکانم خوێندووەتەوە». بانگەشەکەی ئەو لە کاتێکدایە کە ناتوانێت عەرەبی بخوێنێتەوە و لەگەڵ ئەندامانی تری گروپەکەی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیی هەبووە.

وا باشترە بە وتەکانی خودی تیرۆریستەکان دەست پێبکەین. لە وتەکانیاندا باسی یەکسانی دەکەن. بۆ نموونە وتە بلاوکراوەکان دوای مردنی (محەمەد سدیق خان) رابەری گروپێک کە ساڵی 2005 کردەی تیرۆریستی شاری لەندەنیان ئەنجامدا. محەمەد سدیق خان وتویەتی یەکەم پاڵنەری بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەو ستەم و بێبەزەییەیە کە وڵاتانی رۆژئاوا دژی موسوڵمانان (یان بە وتەی خۆی «ئوممەتی من لە هەموو جیهان») ئەنجامی دەدەن. دووەم پاڵنەری هەمان چیرۆکی پاڵەوانی تۆڵەسێنەرە «من راستەوخۆ بەرپرسیارم لە پاراستنی گیانی برا و خوشکە موسوڵمانەکانم و پێویستە تۆڵەیان بستێنمەوە». سێیەم پاڵنەری خان مەرگە «ئێمە مەرگمان خۆش دەوێت، وەک چۆن ئێوە ژیانتان خۆش دەوێت»، هەروەها گەیشتن بە بەهەشت «خوایە من لەگەڵ خۆشەویستانم (پێغەمبەر و پیاوچاکان و شەهیدان) حەشر بکە».

ئەم تیرۆریستانە بە نزیکەیی هیچ کاتێک دیاری ناکەن کە تۆڵەی کام کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکەنەوە. کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ ئەوان جۆرێک نادیاری و واقیعییەتێکی نامێژوویی. جیهادییەکان لە کاتی باسکردنی خراپییەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوود لە چەمکی (خاچپەرستەکان) وەردەگرن؛ ئەوان ئاماژە بە داگیرکردنی جەزائیر ناکەن لەلایەن فەرەنساوە.

رادیکاڵەکان هیچ کاتێک بە ئاشکرا ئاماژە بە سەردەمی داگیرکاری ناکەن. ئەوان تێکڕای بزووتنەوە سیاسی و مەزهەبییەکانی بەر لە خۆیان مەحکوم دەکەن و رەتیان دەکەنەوە. ئەوان هیچ کاتێک بەرەنگارییەکانیان بە بەشێک لە بەرەنگاریی باپیرانیان نازانن؛ بە نزیکەیی هیچ یەکێک لەوان بۆ جیهاد ناگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان. باسکردنی ئەم خاڵەش جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە و تا ئەوەندەی دەزانم هیچ یەکێک لە جیهادییەکان چی ئەوانەی بە موسوڵمانی لەدایکبوون و چی ئەوانەی ئایینیان گۆڕیوە و بوون بە موسوڵمان، نە ئەندامی بزووتنەوەی لایەنگری فەلەستین بوون و نە لە هیچ یەکێک لە ئەنجومەنەکانی بەرەنگاریی ترس لە ئیسلام یان رێکخراوە ئیسلامییەکان چالاکییان ئەنجامداوە. ئەم گەنجە رادیکاڵانە دەقە ئینگلیزی و فەرەنسییەکان لە ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکاندا دەخوێننەوە و عەرەبی نازانن.

جێـی سەرسـوڕمانە کـە لایەنگرانـی داعـش هیـچ کاتێـک لـە بـارەی شـەریعەت و بـە نزیکەیـی هیـچ کاتێـک لـە بـارەی ئـەو کۆمەڵگـە ئیسـلامییەی بڕیـارە لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ئەوانـدا دروسـت بێـت نادوێـن. ئەوانـەی چـوون بـۆ سـوریا دەڵێـن لەبەرئـەوە چـوون کـە «لـە کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلامیی ڕاستەقینەدا بژیـن» زیاتـر ئەوانـەن کـە لـە شـەڕ گەڕاونەتـەوە و ڕەتیدەکەنـەوە لـە کـردە توندوتیژییەکانـی داعشـدا بەشـداربووبن، وەک ئـەوەی بڵێـی ژیـان لەسـەر بنەمـای یاسـا ئیسـلامییەکان و خواسـتی بەشـداری لـە جیهـاد لەگەڵ یەکتـردا ناسـازگارن. هەڵبەتـە بـە یـەک واتـا ئـەم دووانـە لەگـەڵ یەکتـر ناسـازگارن، چونکـە ژیـان لـە کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلامییدا شـتێک نییـە بـۆ جیهادییـەکان سـەرنجڕاکێش بێـت: ئـەوان بـۆ ژیـان ناچـن بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـۆ مـردن دەچـن بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. ئەمـە هەمـان پارادۆکسـی بـەردەم ئێمەیـە: ئـەم ڕادیکاڵـە گەنجانـە ئامانجگـەرا نیـن، پووچگـەران.

ئـەوەی ئـەم گروپـە لـە جیهادییـەکان لـە پێشـینە شۆڕشـگێڕەکانیان (ئیسـلامگەرا و سـەلەفییەکان) ڕادیکاڵتر دەکات، نەفرەتـی ئەوانـە لـەو کۆمەڵگانـەی کـە هەیـە، کۆمەڵگـەی موسـوڵمانانا و ڕۆژئـاوا. ئـەم نەفرەتـە خـۆی لـە ئاواتەخـوازی ئـەوان بـۆ مـەرگ لـە کاتـی کـردەی تیرۆریسـتیدا ئاشـکرا دەکات. ئـەوان خۆیـان لەگـەڵ جیهانێکـدا دەکـوژن کـە ڕەتیدەکەنـەوە. لـە یانـزەی سێپتەمبەرەوە تـا ئێسـتا ئـەم شـێوازە شـێوازی خـوازراوی ڕادیکاڵەکانـە بـۆ کـوژران.

بەداخـەوە ئـەو کـردە خۆکوژییـەی کـە کەسـانێکی زۆر دەکوژێـت لـە کۆمەڵگـەی هاوچەرخـدا بـە هیـچ شـێوەیەک دەگمـەن نییـە. نموونـەش ئـەو کەسـانەن کـە لـە خوێندنگەکانـی ئەمەریکا تەقـە دەکـەن، ئەوانـەی بە چەکـی زۆرەوە دەچنـە خوێندنگـە و بـێ ئامانـج تەقـە دەکـەن و تـا دەسـتی پێـڕادەگات خەڵـک دەکـوژن و لـە کۆتاییشـدا یـان خۆیـان دەکـوژن یـان کارێـک دەکـەن پۆلیـس بیانکوژێـت. ئـەم کەسـانە بـەر لـە هێرشـەکان وێنـە و گرتـەی ڤیدیۆیـی و بەیاننامـە لەسـەر تـۆڕی ئینتەرنێـت بڵاودەکەنـەوە. ئـەوان بـەو کارە خراپەیـان خۆیـان دەکـەن بـە پاڵـەوان و ئـەو واقیعییەتـەی کـە هەمـووان دەزانـن ئـەوان کـێ بـوون و سەرخۆشـیان دەکـەن. لـە مـاوەی سـاڵانی 1999 تـا 2016 نزیکـەی 50 هێرشـی سـەرکەوتوو یـان شکسـتخواردووی لـەم جـۆرە ئەنجامـدراون.

ئـەوە پەسـەند دەکـەم کـە جیـاوازی لەنێـوان گروپێـک لـە بکـوژە خۆکـوژەکان لەگـەڵ چەکدارانـی خەلافەتـی داعـش ناڕوونـە. بـۆ نموونـە هێرشـبەرەکەی (نیـس) سـەرەتا وەک کەسـێک کـە نەخۆشـیی دەروونـی هەیـە و دواتـر وەک یەکێـک لـە لایەنگرانـی داعـش ناسـێنرا، کـە پێشـتر پیلانـی کارەکـەی داڕشـتووە.

ئەگـەر سـەرجەم ئـەم باسـانە لێکبدەیـن، هـەر یەکێـک لـەم گروپانـە تایبەتمەندیـی خۆیـان هەیـە، بـەڵام هۆکارێـک هەیـە کـە تێکـڕای ئـەم تاوانبارانـە (خۆکـوژەکان، پووچگـەراکان، شۆڕشـگێڕەکان) بەیەکـەوە گـرێ دەدات. گروپەکانـی وەک قاعیـدە و داعـش هەڵێـک بـۆ دەرخسـتنی ئـەم تایبەتمەندییانـە دەڕەخسـێنن. داعـش هێـزی خـۆی لـە ترسـی ئێمـە بەدەسـتدێنێت و ئـەو ترسـە سـەرەکییەی داعـش بەهێـز دەکات، تـرس لـە

ئیسلامە. تاکە کاریگەریی ستراتیژی ئەم جۆە هێرشانە کاریگەریی دەروونییە. ئەم جۆرە هێرشانە گورز لە توانای سەربازیی وڵاتانی ڕۆژئاوا نادەن، بەڵکو بە هۆی ڕێگری لە کەمکردنەوەی بودجەی سەربازییەوە، ئەوان بەهێزتر دەکات. ئەوان زیانی ئابووریی تایبەتیان نییە و تەنیا دامەزراوە دیموکراتییەکانی ئێمە دەخەنە مەترسییەوە، کە ئێمە ئەم دامەزراوە دیموکراتییانەمان لە ڕێگەی گفتوگۆی بێ کۆتایی لەبارەی بەریەککەوتنی ئاسایش و حکومەتی یاساییەوە لاواز دەکەین. ئەوان ئەو ترسە دروست دەکەن کە لەوانەیە کۆمەڵگەی ئێمە لەناوخۆدا بتەقێتەوە و شەڕی ناوخۆ لە نێوان موسوڵمانان و (ئەوانی تر) دروست ببێت.

ئێمە لە خۆمان دەپرسین ئیسلام چییە و بە دوای چییەوەیە؟ بەڵام ساتێک دواناکەوین تا تێبگەین لەوەی شتێک بە ناوی جیهانی ئیسلامەوە بوونی نییە؛ کە لەوانەیە ئوممەت لە باشترین باردا ئومێدێکی دوور بێت و لە خراپترینیشدا تەنیا خەیاڵێک، کە ناکۆکیی سەرەکی بە پلەی یەکەم لەناو خودی موسوڵماناندایە و تاکە ڕێگەچارە بە پلەی یەکەم ڕێگەچارەی سیاسییە و بابەتە نیشتیمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوەندی هەموو شتێکن و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کلیلی ئاوێتە کردنن.

بە دڵنیاییەوە داعش هاوشێوەی قاعیدە وێنەیەکی خەیاڵی لە سیستمی حکومی خۆی داوە بەدەستەوە، وێنەیەک کە تێیدا داعش شکستی بە ڕۆژئاوا هێناوە. ئەم وێنەیە هاوشێوەیە، تێکڕای وێنە ئایدۆلۆژییەکانی تر هەرزەکارانە و خەیاڵیین.

بەڵام جیهادگەرایی بە پێچەوانەی زۆربەی ئایدۆلۆژیا سیکۆلارەکانی سەدەی بیستەمەوە، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆر ناسکی هەیە. وەک بینیمان جیهادگەرایی ناتوانێت جەماوەر بوروژێنێت، بەڵکو تەنیا لە پەراوێزەکاندا دەتوانێت هەناسە بدات.

هەندێکجار ئەو خەیاڵە دەکەینەوە، کە ئیسلام بە بەرپرس لە ئایدۆلۆژیای ڕادیکاڵ بزانین، کە جەماوەرێکی زۆری لە جیهانی ئیسلامدا هانداوە، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە نازیزم گروپی زۆری لە هاوڵاتیانی ئەڵمانیای لە دەوری خۆی کۆکردەوە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە بانگەشەی داعش بۆ دامەزراندنی خەلافەتێکی جیهانی خەیاڵە، لەبەرئەوەیە تەنیا بۆ گەنجە توندوتیژخوازەکان فریودەرە.

**سەرچاوە:**

http://tarjomaan.com/vdci.yavct1a5vbc2t.html

کورەتەیەک لە کتێبی ROY, Olivier. «Jihad and death: the global appeal of Islamic State.» (2017)